

وێڕای ئەوەی کەسمان ناتوانین لە کاریگەریی خراپی حەسوودی و چاووزار دڵنیا بین و بەسەرهات و ڕووداوە خراپەکانی ژیانمانی بخەینە ئەستۆ، ئەگەرچی هۆکاری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆش لە پشت ئەو ڕوداوانەوە هەبن کە پەیوەندییان بە چاووزارو حەسوودییەوە نەبێت بەڵام، لەوانەیە لە ژیانی زۆرکەسدا بەسەرهاتی وا هەبێت کە بە دڵنیاییەوە دەڵێ: چاوو زار لێی داوم یان، حەسوودی تووشی فڵانەشتی کردووم.

چیرۆکەکانی حەسوودی و چاووزار زۆرن، جۆرو شێوازەکانیشی فرەن، ئازارەکانی خەڵکیش بەهۆیانەوە کەم نین، ئەستەمیشە وا لەو کەسە بکەی کە باوەڕی پێیەتی، واز لە باوەڕەکەی بێنێت و پەشیمان بێتەوە چونکە لە دێر زەمانەوە چاوو کاریگەری چاو بابەتگەلێک بوونە کە مرۆڤ هەڵوەستەی لەسەر کردوون، باوەڕی پێی هێناوەو بۆتە بەشێک لە کولتووری، پاشان شێوازی بیرکردنەوەو ڕەفتاری. بابەتەکە تا هەنووکەش لە بیرو ڕەفتاری خەڵکیدا ماوە، لە گەشتێکدا لە نێوان کارمەند و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و ئەو کەسانەی خەریکی چالاکی و کاروباری کۆمەڵایەتین، هەڵوەستەیەکمان لەسەر بابەتەکە کردو چەندین چیرۆکی جیاجیامان وەدەست هێنا .

ر: عەبدوڵڵا عەبدەڕەحمان

# حەسوودی و چاووزار:



**دیالیکتیکی زانستی بە دانپێدانانی بوونی سووپەرهێزە دەروونییەکان(القوى النفسية الخارقة) کۆتایی هات و  بوو بە حەقیقەتێکی زانستی، بۆیە واباشترە بۆ هەر کەسێک تەنیا بەعەقڵ حوکمی رەها نەدات لەسەر بابەتە وردەکانی وەکو حەسوودی و چاووزار و ئەم شتانە بدات**

# لە نێوان راستی و  وەهمدا

## حەقیقەتی دەروونی و کۆمەڵایەتی حەسوودی

بەڕێوەبەری چاودێری تایبەت لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لەهەولێر توێژەری دەروونی (زەیتۆ تەوفیق تاهیر) لەم بارەیەوە دەڵێ: شیکردنەوەی خەڵکی بۆ ئەم دیاردەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەوە دەگۆڕێت، بۆ نموونە لەوانەیە هەندێ کەس، ڕووداوی بەسەرهاتی خراپ لەگەڵ بینینی کەسێکی تایبەتدا ببەستنەوە، بۆیە دەڵێن فلانە کەس حەسوودە یان چاوی پیسە، لە کاتێکدا ئەگەر ئێمە ڕۆژانە ڕووداوەخراپەکانی ژیانمان بژمێرین لەوانەیە پەیوەندی بەو کەسەوە نەبێت، هەندێ کەسی دیکەش حەسوودی و چاووزار بۆ چاوپۆشینی خۆی و خەڵکی لە هەڵەکانیدا بەکار دەبات، بۆ ئەوەی سیمای جوانی خۆی لە بەردەم چاوی خۆی و خەڵکیدا نەشاردرێنەوە، واتە لە بری ئەوەی بڵێ من هەڵە بووم یان کەموکورتیم هەبوو، دەڵێ: ئەمڕۆ فلانە کەسم بینی بۆیە وام بەسەرهات، چونکە حەسوودی پێبردم!

لەوانەشە زۆر جار مرۆڤ دووچاری بەسەرهاتی وا ببێت کە ناتوانێت هۆکارەکانی بزانێت، لەو کاتانەدا بۆ ئەوەی نەزانیی خۆی بشارێتەوە پەنا بۆ ئەوە دەبات کە بە حەسوودی و چاووزار شیبکاتەوە.

**سەرۆکی ڕێکخراوی ماکۆک بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵگەی مەدەنی(سەمیرە نادر قادر) دەڵێ:** بەڵێ من زۆر باوەڕم بە چاووزار و حەسوودی هەیە، هەر جارێک کە باسی شتێک دەکەم کە بۆم دەبێت یان پرۆژەیەک ئەنجام دەدەم، چاووزار لێم دەدات و بۆم ڕێک ناکەوێ!

## نەخۆشی کۆمەڵایەتی

**بەڕێوەبەری چاودێری کەمئەندامان لە هەولێر( سەلام جەمال غەریب)** باوەڕکردن بە چاووزار بۆ شێوازی پەروەردە دەگێڕێتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێ:لە هەر شوێنێک، کە بۆشایی نێوان هەژارو دەوڵەمەند فراوان بووەوە، هەندێ کەس چاویان دەخەنە سەر خەڵکی دیکە بەوەی چۆن پارە کۆ دەکەنەوە یاخود سەرچاوەی سامانەکانیان چییە، ئەمە دەبێتە مایەی پەیدابوونی چاووزار، ئەگەرچی (سەلام) باوەڕی بە چاووزار نییە بەڵام پێی وایە حەسوودی نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتییە، ئەگەر هات و پەیدا بوو، بە دڵنیاییەوە لە جیاوازی داهات و ئاستی ژیانی خەڵکی، سەرچاوە دەگرێت، چارەکردنی ئەم نەخۆشییەش بەوە دەبێت کە مافەکانی خەڵکی بە شێوەیەکی یەکسان دادپەروەر دابین بکرێت.

**توێژەری کۆمەڵایەتی لە پەیمانگای هیوای نابینایان(نیسان حەمەد ئەمین ) تێبینی ئەوە دەکات:** بەڵێ ئەمە دیاردەیەکی باوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، تەنانەت هەندێ کەس هەنە کە بە (چاو پیس) دەناسرێنەوە، ئەمیش کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، چونکە لەوانەیە لە ڕاستیدا ئەو کەسە وا نەبێت و تەنیا سودفە وای ناساندبێت بەڵام ئەمە وا لە خەڵکی دەکات کە خۆیانی لێ بپارێزن و دوور بکەونەوە لێی.

(نیسان ) دەڵێ: ئەم جۆرە کەسانە تەنانەت ئەگەر بە ناچاری لە شوێنێکدا ببینرێن ئیدی مرۆڤ بە بوونیان هەست بە



**ئەگەرچی دەیخاتە بەشی دیاردەکانی (ماوەرائیات) بەڵام کۆمەڵناسی ئەگەرچی دان بە بوونی ئەم جۆرە دیاردانە دەنێت، بەڵام نێوەندە زانستییەکان و زانستی کۆمەڵناسی ئەم جۆرە ڕایانەیان قبووڵ نییەو، بە خەیاڵ و یادکردنەوەی نەریتی باوانی لەقەڵەم دەدات بەڵام خودی پێشکەوتنی زانستی گەشتووەتە ئەوەی زۆر دیاردە هەیە زانست نەیتوانیوە هۆکارە ماددیەکانی بدۆزێتەوە، ئەمیش مانای ئەوە نییە کە دیاردەکە هۆکاری نییە، ماوەیەک پێش ئێستا کۆتایی بەو گفتوگۆیە هاتووە کە سووپەر توانا دەروونییەکان ڕاستییەکی زانستییە و ئەمڕۆ زانست بڕیاری لەسەر هەبوونی داوە.**

## حەسوودی لە حاڵەتی فراوانبوونەوەی بۆشایی نێوان هەژار و دەوڵەمەنددا زۆر دەبێتەوە

متمانە ناكات و هەمیشە لە دڵەڕاوكێ دەبێت نەبادا زیانێكی پێبگات، لێرەوە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لاواز دەبنەوە، ئەمەیش سەرەتایەكە بۆ پەیدابوونی نەخۆشی كۆمەڵایەتی خراپ.

### *خۆپاراستن*

**بەڕێوەبەری خانەی چاودێری كوڕان لە هەولێر(سەمیع مستەفا محەمەد) باوەڕی بە چاوو زار هەیەو دەگێڕێتەوە:** جارێكیان خۆم و خێزانەكەم لە شەقڵاوە بووین ژنێكی ناسیاوی خۆمان بینی، زۆر باسی جوانی و پاك و خاوێنی كوڕەكەمانی كرد، كە هاتینەوە، منداڵەكە سێ چوار ڕۆژ نەخۆشكەوت. (سەمیع) وای بۆ دەچێت كە خوێندنەوەی سوورەتی قورئان باشترین خۆپاراستنە لە چاووزار، هەر قسەكەی (سەمیع) دەمانگەڕێنێتەوە بۆ چەندین شێوازی ئاینی كە بۆ چارەسەركردنی كاریگەری خراپی چاووزار كە لە كۆنەوە بەكار هاتوون، لەوانە خۆێندنەوەی هەندێ ئایەتی قورئان و لەملكردنی نوشتەو مورووی شین یان ئەوانەی كە شێوەی چاوی لەسەر كێشراوە یان ئێسكەمار، لە ناو قەیسەری بازاڕی هەولێریش كۆڵانێكی تایبەت بە مووروو ئەو شتانەی تایبەت بە چاووزار هەیە، تا ئێستاش بازاڕیان گەرمە.

### *جیاوازی نێوان حەسوودی و چاووزار*

(زەیتۆ تەوفیق تاهیر) دەڵێ: هەموو كەسێك هەست بە جۆرێك كەموكوڕی هەیە و هەوڵی پڕكردنەوەی دەدات، كاتێك كە ناتوانێت بۆشاییەكانی یان كەموكورتییەكەی پڕ بكاتەوە پەنا بۆ حەسوودی دەبات، واتا بە زمانی زانستی مرۆڤ ناتوانێت لەگەڵ هەستكردن بە كەمیی بژی بۆیە هەوڵ دەدات بۆشاییەكە پڕ بكاتەوە، ئەگەر لەمەیان سەركەوتوو بوو، ئەوە باشە، ئەگەرنا لەوانەیە پەنا بۆ زۆر شتی دیكە بەرێت یەكێك لەوانە حەسوودییە.

### جێگری سەرۆكی كۆمەڵەی كۆمەڵناسانی كوردستان

باوەڕی بە چاووزار نییە بگرە ئەویش پێی وایە ئەوە تەنیا هەستكردنی حەسادەتە لای خەڵكی، كەچی توێژەری كۆمەڵایەتی (ڤیان حەمەد ئەمین) وای بۆ دەچێت كە ئەمە دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە لە باو باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، بەڵام دەبێ بزانین كە هەر بەسەرهاتێك بە باش و خراپ، هەر كارێك بە سەركەوتن و سەرنەكەوتن، هۆكاری خۆی هەیە، هیچ پەیوەندی بە چاوو زارەوە نییە، بگرە ئێمە خۆمان ناتوانین لە هۆكارو دەرەنجامی كار و هەنگاوەكانماندا بكۆڵینەوە.



**ڕۆژنامەنووسێكمان بینی كۆمەڵێك مووروی لەو شێوەیەی لە ناو ئۆتومبێلەكەیدا هەڵواسیبوو گوتی:**
**هەم بۆ جوانی هەڵمواسیوە هەمیش هەست بە جۆرە ئارامییەك دەكەم، من باوەڕم بە سووپەر تواناكانی مرۆڤ هەیە كە لەوانەیە لای هەندێ كەس هەبێت بۆ خۆشی هەستی پێ نەكردبێت**

